# گەشتێك بە جیهانی پەرتوكێكی بەناوبانگدا

## بەشی سێیەم

**نوسینی :بژار**

bizharpoet@yahoo.com



خەباتی چینایەتی ڕووپۆشێکە دەدرێت بە سەر خەباتێکی ناوەکیتر و ڕەسەنتردا , بە چەمکی خەباتی چینایەتییانە , خەباتە ڕەسەنەکەی دی , دەشاردرێتەوە . لە ڕواڵەتدا خەباتی چینایەتییانە , وەکو چەمک , دروست و هەمەلایەنە و تۆکمەیە , کەچی لە ڕاستیدا نادروست و یەک لایەنە و لەرزۆکە . خەباتی چینایەتییانە , لە بنەڕەتدا , لە جیگۆڕکیٚ بە تاکە تایبەتەکان زیاتر شتێکی دیکە نییە . خەباتی چینایەتییانە کەسەرئەنجام سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت و سۆشیالیزم دادەمەزرێنێت , ئەو تاکە تایبەتانەی کە نوێنەرایەتی تاکی هەموانی " واتە گشت " یان لە سەرمایەداریدا کردووە , دەگۆڕدرێن بەو تاکە تایبەتانەی کە نوێنەرایەتی تاکی هەموانی لە سۆشیالیزمدا " سەرمایەداری لەبەریەک ترازاودا " دەکەن . خەباتی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا , خەباتی نێوان چینەکان نییە , بەڵکو خەباتی نێوان تاکی هەموانی و تاکی تایبەتە . چەوسێنەران بە هەموو ڕەنگ و شێوەیەکیانەوە , هەمیشە لە تاکە تایبەتەکان پێک هاتوون و هەر لەوانیش پێک دێن ,, لە بەرانبەریشیدا چەوساوەکان , هەمیشە لە تاکی هەموانی پێک هاتوون و پێک دێن . خەباتی ناو کۆمەڵگاکانی جیهان , خەباتە لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا " واتە بەرەی تاکی تایبەت و بەرەی تاکی هەموانی " . گرەوی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی , لە سەرکەوتنی بەرەی تاکی هەموانیدایە بە سەر بەرەی تاکی تایبەتدا . خەباتی چینایەتی , خەباتی نێوان تاکی تایبەت و تاکی هەموانی نییە , بەڵکو خەباتی نێوان تاکە تایبەتەکان خۆیانە . نا کەتوارێتی " ناواقیعێتی" خەباتی چینایەتی ئا لێرەدایە . خەباتی چینایەتی بۆ ڕزگار بوونی تاکی هەموانی " واتە هەموو کەسێک کە لە هەر بارەیەکەوە بچەوسێتەوە " هەڵخەڵەتێنەر و درۆیینەیە . ئەوە خەباتی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە نییە کە بە خەباتی چینایەتی ناوزەد دەکرێت , بەڵکو وەرچەرخان و بە لاڕێدا بردنیەتی . دەوڵەت ئامرازی دەستی تاکی تایبەت و ڕێکخەری هەمەلایەنەی ڕیزەکانیەتی , لە بەرانبەر تاکی هەموانیدا . دەوڵەت لە لایەکەوە پێویستی بە یەکخستنی ڕیزەکانی تاکی تایبەت هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە پێویستی بە لەبەریەک ترازانی ڕیزەکانی تاکی هەموانی هەیە . ئەو یەکخستن و لەبەریەک ترازانە " واتە یەکخستنی ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەت و لەبەریەک ترازانی ڕیزەکانی بەرەی تاکی هەموانی " هەمیشە لە پەیوەندییەکی پێچەوانەدان . هەتا ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەت پتەوبن , ڕیزەکانی بەرەی تاکی هەموانی لاوازن ,, وە هەتا ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەت لاواز بن , ڕیزەکانی بەرەی تاکی هەموانی خۆگرتوون . جگە لەوەی کە هەردوو بەرەکەی تاکی تایبەت و هەموانی , هەمیشە لە ململانێدان و لە کۆمەڵگاکاندا دەرگیرن بە یەکتری ,, سنووری نێوانیشیان لە ژیانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکاندا , هەمیشە لە بزڕ بوون و دەرکەوتندان . بزڕ بوون و دەرکەوتنی سنووری نێوان ئەم دوو بەرەیە , دەگەڕێتەوە بۆ بزڕ بوون و دەرکەوتنی جێگاوڕێگای تاکەکانی هەردوو بەرەکە لە کات و

شوێنە جیاوازەکاندا . تاکە تایبەتەکان , لە سەر ئاستی کۆمەڵگا, دابەش دەبن بەسەر ڕیزە جۆراوجۆرەکاندا . ئەم ڕیزانە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەست پێدەکات . تاکی تایبەت هەندێک جار , هەم چەوسێنەرە و هەم چەوساوەشە ( لەبەر ئەوەی ئەم باسەی تاکی تایبەت , لقوپۆپی زۆر لێدەبێتەوە , هەڵێدەگرم بۆ نوسینێکی تایبەت بە خۆی ) .
لە سەرەوە ئاماژەم بەوە کرد کە دەوڵەت ئامرازی یەکخستنی ڕیزەکانی تاکی تایبەت و لەبەریەک ترازانی ڕیزەکانی تاکی هەموانی یە . لەبەریەک ترازانی ڕیزەکانی تاکی هەموانی , لای دەوڵەتەوە , بە مانای تەوەرە بەستنیان دێت بە دەوری ڕیزەکانی تاکی تایبەتدا . ئەم حاڵەتەیە کە بە باشترین حاڵەتی ئاسایشی ناو کۆمەڵگا دێتە بەرچاو . وڵاتانی ڕۆژئاوا , لەم حاڵەتە بەهرەمەندن . دیمۆکراسیەت لەم وڵاتانەدا , ئامرازی پاراستنی ئەم حاڵەتەی کۆمەڵگاکانە . واتە دیمۆکراسی وەکو ئامرازێکی دەستی دەوڵەت و دەوڵەتیش وەکو ئامرازێکی بەرەی تاکی تایبەت , دەورەکەیان سەبارەت بە بەرەی تاکی هەموانی , لەبەریەک ترازانی ڕیزەکانیان و تەوەرە پێبەستنیانە بە دەوری ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەتدا . لەبەریەک ترازانی ڕیزەکانی بەرەی تاکی هەموانی , پێداویستی یەکپێگرتنەوەیانە بە دەوری بەرەی تاکی تایبەتدا . یانی بەرەی تاکی تایبەت , دوو داخوازی لە بەرەی تاکی هەموانی هەیە : یەکێکیان لە دەستدانی سەربەخۆ بوونیانە بۆ یەکگرتن لە ناو خۆیانداو , ئەوی دیکەشیان تەوەرە پێبەستنی زۆرەملێ یانە بە دەوری ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەتدا . بەرژەوەندی گشتی لە بناغەدا , بریتییە لە بەرژەوەندی بەرەی تاکی تایبەت , نەک بەرەی تاکی هەموانی . بەڵام بەرژەوەندی بەرەی تاکی تایبەت هەمیشە لە مەترسیدایە , لە بەرانبەر یەکگرتنی بەرەی تاکی هەموانی دا . لە بەر ئەو مەترسییەی کە لە سەر بەرژەوەندی گشتی " واتە بەرژەوەندی بەرەی تاکی تایبەت " هەیە , دەوڵەت و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان , یەکەمین ئەرکێک کە لە سەریانە , لەبەریەک ترازانی ڕیزەکانی بەرەی تاکی هەموانی یە . وە دووەمین ئەرکێک کە دەکەوێتە سەریان و دەبێت پێی هەستن , کۆکردنەوە و یەکپێگرتنەوەی تاکی هەموانی یە لە سەر بناغەی خۆبەدەستەوەدانیان بۆ چوونە ژێر ڕکێفی ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەت . یانی تاکی هەموانی لە یەک کاتدا , دەچێتە دوو دۆخی جیاوازەوە کە بریتین لە هەڵوەشاندنەوە و یەکگرتن . بەرەی تاکی هەموانی دەبێت ڕیزەکانی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و چیتر لەگەڵ یەکتریدا یەکگرتوو نەبن , وە لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە وون کردنی سەربەخۆیی خۆیان و لە ژێر سەرکردایەتی یان ڕابەرایەتی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتدا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی بەرەی تاکی تایبەت , ڕیزەکانی خۆی یەکپێبگرێتەوە . ئەڵبەتە نە بەرەی تاکی تایبەت لە ناو خۆیاندا یەکگرتوون و نە بەرەی تاکی هەموانیش ئاوا بە ئاسانی و بە یەکگرتوویی دەچنە ژێر ڕکێفی بەرەی تاکی تایبەتەوە ( لێرەشدا دیسانەوە لقوپۆپی زۆر لێ دەبێتەوە و هەڵی دەگرم بۆ ئەو نووسینە تایبەتەی کە بە تەمام لەم بارەیەوە بینووسم ) . چینی چەوسێنەر هەمیشە ڕیزەکانی سەرەوەی بەرەی تاکی تایبەتیان پێکهێناوە . واتە چەوسێنەران وەکو چینێک لە هەموو کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا , تەنیا بەشێک لە ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەتیان پێکهێناوە . دەوڵەت هەر بە تەنیا ئامرازی دەستی ئەم بەشە نەبووە , بەڵکو ئامرازی دەستی بەرەی تاکی تایبەت هەر هەمووی بووە . ئا لێرەوەیە کە دەوڵەت لە پرۆسە مێژووییەکەیدا هەتا هاتووە , زیاتر وەکو دامودەزگایەکی سەروو چینایەتی دەرکەوتووە . دەوڵەت کە لە جەوهەردا وەکو دەزگایەکی چینایەتی و لە ڕواڵەتیشدا وەکو دەزگایەکی

سەروو چینایەتی دەردەکەوێت , هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەوەستانی بەرەی تاکی تایبەت لە سنووری یەک چیندا . یانی چەوسێنەران بە تەنیا یەک چین نین . چینی چەوسێنەران , بەشێکن لە بەرەی چەوسێنەران , وە بەرەی چەوسێنەران , ڕێک , بەرەی تاکی تایبەتن . ئەمە ئەو ناڕۆشنی یەیە کە لە چەمکی " چین " دا هەیە . وە ئەم ناڕۆشنی یە بە چەمکەکانی ململانێی چینایەتی و شۆڕشە کرێکارییەکان و حوکومەتەکانیاندا , شۆڕ دەبێتەوە . ئەم ناڕۆشنی یە هەروا شتێکی لاوەکی نییە . ناڕۆشنییەکان لە تیۆرییە شۆڕشگێڕانەکەی مارکس دا سەبارەت بە نەمانی چەوساندنەوەی چینایەتی و ڕزگار بوونی سەرجەمی مرۆڤایەتی , ئەو گرفتانەن کە لە ناو خودی تیۆرییەکەدا , چارەسەر هەڵناگرن . ڕابەرە کۆمۆنیستەکان , بەشێکن لە تاکە تایبەتەکان " با ئەمڕۆ لە ڕیزەکانی خوارەوەشدا بن " , کەچی لە ڕێبازی خەباتی چینایەتیدا و لە ناو تیۆرییە شۆڕشگێڕانەکەی مارکس دا , بە سەر سەری خەڵکییەوە و بە زۆر , دەبن بەو کەسانەی کە مرۆڤایەتی بە ئاقاری ڕزگار بووندا دەبەن . سەرتاپای تیۆرییەکەی مارکس بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی , نەک هەر پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەیە , بەڵکو دەبێت لە بنەوەڕا هەڵبتەکێنرێت . هەموو چەمکەکانی چینەکان و جیاوازییەکانیان و ململانێکانیان , وە هەموو چەمکەکانی خەباتە حزبییەکان و چینایەتییەکان و شۆڕشە کرێکارییەکان و حوکومەتەکانیان , وە هەروەها قۆناغەکان و کۆمەڵگا چینایەتییەکان و دەوڵەتە ستەمکارەکانیان و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانیشیان ,, نەک هەر ئەو چەمکانەن " مەقۆلانەن " کە ناڕۆشنییان تیایە , بەڵکو سەربەسەر هەڵەن . هەڵە بوونیان هەر لەویادا نییە کە بە ناڕۆشنی , بەشێکی ڕاستییەکان لە خۆیان دەگرن ,, بەڵکو لەویادایە کە بەرەی تاکی تایبەتیان وەکو بەرەی چەوسێنەران , ناناسرێت لایان . مارکسیزم وەکو تیۆرییەک کە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا پیادە دەکرێت , " باڵێک " ی لە ناو بەرەی تاکی تایبەتدا لێ لە دایک دەبێت . واتە خەباتی چینایەتییانەی مارکسییەکان , خەباتی باڵێکی ناو بەرەی تاکی تایبەتە بە دژی ئەوانی دیکە . کۆمەڵگا بە سەر ئەم هەموو چین و نیوە چین و توێژ و نیوە توێژەدا دابەش ناکرێت . کۆمەڵگا بە سەر دوو بەرەدا دابەش دەکرێت کە بەرەی تاکی تایبەت و بەرەی تاکی هەموانی یە . مارکسیزم ناتوانێت پێناسەیەکی تەواو بە چەوسێنەران بدات . ئەو زیاتر لە سەر بناغەیەکی ئابوورییانە , چەوسێنەران دیاری دەکات . ئەمە جگە لەوەی کە چەوسێنەران وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دابڕاو لە خاسیەتە تاکایەتییەکان , دەیانبینێت .

تایبەتمەندییەکانی چەوساندنەوە , پێش ئەوەی کۆمەڵایەتی بێت , تاکایەتییە . چەوساندنەوە , بەرهەمی فەراهەم نەبوونی زەمینەی خواستە دەروونییەکانی مرۆڤ و نەبوونی ئامرازی تەوەرە پێبەستنی ئۆرگەنایز کردنی کۆمەڵگایە بە دەوری ئازادییە تاکایەتییەکاندا . جێگۆڕکێ کردنی چینایەتییانە بە باڵەکانی تاکی تایبەت , لە لایەکەوە سەرلێشێوانە بۆ تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم و لە لایەکی تریشەوە ڕێگرتنە لە هاتنە دەرەوەی تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەتر . نەک هەر ئەوەندە , بەڵکو دروست کردنی تراژیدیایەکی دیکەیە بۆ مرۆڤایەتی . هەر تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە , فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دانەنێت , ئەو تیۆرییە ناتوانێت ئاسۆی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی بنەخشێنێت . فاکتەری هەڵوەشاندنەوە لە هەر تیۆرییەکدا بوونی نەبێت , یانی فاکتەری دەسەڵات داسەپاندن لەو تیۆرییەدا جێگیرە . فاکتەری هەڵوەشاندنەوە لە ناو تیۆریدا , تەوەرە بەستنیەتی بە دەوری ئازادی تاکدا " واتە هەموو تاکەکان بەبێ جیاوازی " . تیۆریی مارکسیزم تیۆرییەکی

دەسەڵاتدارە , ئازادییەکانی تاک بە دەوری جیهانبینییەکەی خۆیدا تەوەرە پێدەبەستێت . تیۆریی مارکسیزم نەک بە دەوری ئازادییەکانی تاکدا تەوەرە نابەستێت , بەڵکو ئازادییەکانی تاک بە پێی پێوەرە چینایەتییەکانیان و وابەستەییان بەو پێوەرانەوە , بە فەرمی دەناسێت . یانی ئازادییەکانی تاک وەکو بوونە تاکایەتییەکانیان بە فەرمی ناناسێت , چجای ئەوەی وەکو تیۆرییەک بە دەوریاندا تەوەرە ببەستێت . مارکسیزم , هەرچەندە لە سەر بنەمای ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی وەکو تیۆری داڕێژراوە , بەڵام توانای هەڵپێچانی بنەڕەتیانەی هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەکی نییە .

دامەزراوە خێڵایەتییەکان , بە هۆی کار و ئەنجامەکەیەوە , ڕۆژگاری خۆیان بەسەر نەبردووە , بەڵکو بە هۆی چوونە پێشەوەی خاوەنداریەتی و دەسەڵاتخوازی و جیاکردنەوە و ڕێکخستنی ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەت و گەشە کردنی عەقڵەوە , ڕۆژگاری خۆیان بەسەر بردووە و بەرەو هەڵوەشاندنەوە ڕۆیشتوون . کار , پرۆسەی جێبەجێ کردنی نەخشەی سنووربەندییەکانی عەقڵە . عەقڵ , سنووربەندییەکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خواستە دەروونییەکان دروست دەکات . کار و ئەنجامەکەی کە بەرهەمە , بە پەیوەست بە خواستە دەروونییەکان و چالاکییەکانی عەقڵەوە پەیدا دەبن . هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە خێڵایەتییەکان , تاکە تایبەتەکان بوون . هۆکاری دروست بوونیشیان " واتە دروست بوونی دامەزراوە خێڵایەتییەکان " هەر ئەو تاکە تایبەتانە بوون . هەمیشە پەرەسەندنی چەندێتی و چۆنیەتی تاکە تایبەتەکان کە لە سەر پەرەسەندن و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵایەتییانەی تاکە هەموانییەکانەوە بە دەست هاتوون , گۆڕانکارییەکانیان بە سەر کۆمەڵگاکاندا هێناوە . لاچوونی دیمۆکراسی خێڵایەتی و هاتنی ئۆروستۆکراتی , لە سۆنگەی چوونە پێشەوەی بەرەی تاکی تایبەتەوە ڕاڤە دەکرێت . پرۆسەی چوونە پێشەوەی خواستە دەروونییەکان و چالاکییەکانی عەقڵ لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە پرۆسەی چوونە پێشەوەی ململانێی نێوان هەردوو بەرە و ململانێی نێوان ڕیزەکانی تاکە تایبەتەکانیش , هۆکاری بنەڕەتی ئۆرگەنایز کردنەوەی کۆمەڵگاکان بوون . پرۆسەی کار و ئەنجامەکەی , کۆمەڵگایان دابەش نەکرد بە سەر چینەکاندا , بەڵکو کۆمەڵگا لە ڕۆژگاری دروست بوونی دامەزراوە خێڵایەتییەکانەوە هەتا ئەمڕۆ , دابەش بووە بە سەر دوو بەرەدا , کە ئەوانەش بەرەی تاکی تایبەت و بەرەی تاکی هەموانین . وە لە ڕۆژگاری دروست بوونی دامەزراوە خێڵایەتییەکانەوە هەتا ئێستا ,, دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگاکان , لە سەر بنەمای خواست و مەرامی " بەرژەوەندییەکانی " بەرەی تاکی تایبەتەوە پێک هاتوون . چینەکان , پێناسەیەکن بۆ لە قاڵبدانی ئەم دوو بەرەیە . چەمکی چینەکان , چەمکی بچووک کردنەوەی حاڵەتی سروشتی ئەم دوو بەرەیەیە . نەک هەر ئەوەندە , بەڵکو چەمکی شاردنەوەی سنوورەکان و ململانێکانی نێوانیشیانە . کۆمەڵگا بە سەر چینەکاندا دابەش نەبووە , بەڵکو چینەکان , چەند دەرکەوتەیەکی سەر جەستەی بەرەی تاکی تایبەت و بەرەی تاکی هەموانین . چینەکان بەرئەنجامی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگان لە سەر بنەمای چوونە پێشەوەی بەرەی تاکی تایبەت و چوونە پێشەوەی ململانێکەشی لەگەڵ بەرەی تاکی هەموانیدا . ئەوە چوونە پێشەوەی بەرەی تاکی تایبەت و ڕێکخستنەوەی هەرەمیانەی ڕیزەکانیەتی , کە چینی چەوسێنەری وەکو ڕابەری کۆمەڵگا لێدێتە دەرەوە . وە ئەوە ڕێکخستنەوەی زۆرەملێیانەی بەرەی تاکی هەموانی یە کە لە سەر بناغەی تاڵان کردنی سیستیماتیکانەیانەوە , چینێکی چەوساوەی پاشکۆ بۆ چینە چەوسێنەرەکەیان , لێ دروست دەکرێت . هەردوو لاکەیان " چەوسێنەر و چەوساوە " , بە پەیوەند بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی هەردوو بەرەی تاکی تایبەت و هەموانی یەوە , ئەو شێوانە بە خۆیانەوە

دەگرن . هەمیشە شێوەکانی بەرەی تاکی هەموانی بە پاشکۆ بۆ شێوەکانی بەرەی تاکی تایبەت لە دایک بوون . کێشەی ئەسڵی کۆمەڵگا , کێشەی نێوان بەرەی تاکی هەموانی و بەرەی تاکی تایبەتە . چینی چەوساوە و چینی چەوسێنەر , دوو ڕوخساری بەرانبەر یەکتری ئەم دوو بەرەیەن . چەمکی چینەکان " چینە چەوسێنەرەکان و چینە چەوساوەکان " لە بنەڕەتدا چەمکێکی فریودەرانەیە ( ئەڵبەتە مارکس و ئەنگڵس بۆ خۆیان , لە ڕوویەکی زۆر مرۆڤ پەروەرانەوە چوونەتەپرۆسەی شیکردنەوە و دەرهێنانی ناسنامەی چینەکانەوە ) , چونکە : 1- سنووری بەرفراوانی هەردوو بەرەی تاکی تایبەت و تاکی هەموانی بەرتەسک دەکاتەوە بۆ دوو چینی سەرەکی کە دوو بەشی ئەو دوو بەرەیە پێک دەهێنن . 2-پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوویی ئەم دوو بەرەیە وەلا دەنێت و مێژوویەکی تازە و دابڕ دابڕی چینایەتی دەخاتە جێگاکەی . 3- سەربەخۆیی لە تاکایەتی بوونی مرۆڤەکان وەردەگرێتەوە و دەیانکاتە پاشکۆی پەیوەندییە بەرهەمهێنە کۆمەڵایەتییەکانیان . 4- ڕیزەکانی هەردوو بەرەی تاکی تایبەت و تاکی هەموانی دەشێوێنێت و لە چین و توێژە دەستکردەکاندا پۆلێنیان دەکات . 5- کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕیزەکانی خوارەوەی بەرەی تاکی تایبەت , دەکات بە ڕابەرانی بەرەی تاکی هەموانی . 6- ململانێی ئەسڵیی کۆمەڵگا کە لە نێوانی هەردوو بەرەکەی تاکی تایبەت و هەموانی دایە , دەگوازێتەوە و دەیکات بە ململانێی نێوان ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەت بۆ ئۆرگەنایز کردنەوەی سەرلە نوێی کۆمەڵگا . 7- پایە بنەڕەتییەکانی ڕاگرتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ کە سێ سیستەمەکەن " نوێنەرایەتی و دەسەڵاتداریێتی و عەقڵسالاری " وەک خۆیان دەهێڵێتەوە و لە جوانکردنیان زیاتر , دەستکارییان ناکات . 8- لە جیاتی هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزم لە کۆمەڵگادا , پتەوتر و تۆکمەتری دەکاتەوە . 9- خەبات بۆ ڕزگار بوون لە تاکی تایبەت کە بە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بەخێوکردنی دەوڵەتییانەی منداڵ و هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی ئایین و سڕینەوەی کۆمەڵایەتییانەی ئەخلاق و ...هتدا تێدەپەڕێت , دەگۆڕدرێتەوە بە خەبات کردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی . 10- یەکسانی لە خاوەندارێتیدا , بە فەرمی ناناسێت . 11- یەکسانی لە دەسەڵاتدا لە هیچ مەیدانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە فەرمی ناناسێت . 12- بە ئامراز بوونی عەقڵ بۆ خواستە دەروونییەکان , بە فەرمی ناناسێت . 13- خۆویستنی مرۆڤ بە فەرمی ناناسێت . ئەمانە و چەندەهای دیکەش لەو فاکتانەن کە ئاوەژوو بوونەوەی ڕاستییەکان لە چەمکی چینەکاندا نیشان دەدەن . هەر بەو پێیەی کە چەمکی چینەکان , بەرتەسککەرەوەی پانتایی هەر یەکێک لە بەرەی تاکی تایبەت و تاکی هەموانییە ,, ململانێی چینایەتیش بچوک کەرەوەی ئەو ململانێ زەبەلاحەیە کە لە نێوان بەرەکانی تاکی تایبەت و هەموانیدایە . دەوڵەت وەکو ئامرازی ڕێکخستن , لەدایک بووی , چوونە پێشەوەی ئەو ململانێ زەبەلاحەیە . لای مارکسیزم , مرۆڤ چونکە بەرهەمی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە , پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش , چونکە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوە دەگرن , ئیتر تاکایەتی مرۆڤ بە وابەستەیی بە کۆمەڵایەتی بوونیەوە , جێگای لێدووان و مشتومڕە و بایەخی بۆ دادەنرێت . ئەم جۆرە لێکدانەوەیە چونکە پێچەوانەیە بە کەتوارێتی " واقیعیەت " , هەر دەبێت کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤ و دامەزراندنی دیکتاتۆریەت و سەقامگیر کردنی پایەکانی چەوساندنەوەی لێ لە دایک ببێت . مارکس لە دۆزینەوەی زێدەبادا , لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی دوو چینی دیاریکراودا مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی دروست بوونیدا دەکات , ناتوانێت بە دۆزینەوەی هەڵپێچانی کاری کرێگرتە بگات . زێدەبا لە مەیدانە سروشتییەکەی خۆی دەردەکێشرێتە دەرەوە و لە شوێنێکی دیکەی تەرخان بۆکراودا ,

تویژینەوەی لەسەر دەکرێت . هەڵەی بنچینەیی مارکس لە زێدەبا و چین و خەبات و شۆڕش و حوکومەتی کرێکاریدا , لە چەق بەستنیایەتی لەسەر کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ نەک تاکایەتییەکەی . ئەگەر لە تاکایەتی بوونی مرۆڤەوە لێکۆڵینەوەکانی بە ئەنجام بگەیاندایە , ئەوا دەیتوانی لە مەیدانە ڕەسەنەکەی زێدەبا خۆیدا کە مەیدانی بەرەی تاکی تایبەت و هەموانی یە , بەرەو ڕووی ببێتەوە . بەرەوڕوو بوونەوەی زێدەبا لە مەیدانی ململانێی بەرەکانی تاکی تایبەت و هەموانیدا , مارکس ی دەگەیاندە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە سروشتییەی کە لە نێوانی زێدەبا و تاکی تایبەتدا هەیە . لەوێوە مارکس دەیتوانی پەی بەو پەیوەندییە ببردایە کە لە نێوانی هەڵپێچانی کاری کرێگرتە و نەمانی تاکی تایبەتدایە . گرفتی سەرەکی مارکس لە ناسینی مرۆڤ و ڕزگار بوونیدا , دەست پێکردنیەتی لە بەرهەمی مرۆڤەوە کە " کار "ە , نەک لە خودی مرۆڤ خۆیەوە . ئەم دەست پێکردنە پێچەوانەیە , دەیگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە بە دروست کردنی بەشێک لە چەوسێنەران " ڕیزێکی بەرەی تاکی تایبەت " , چەوساوەکان ڕزگار دەبن . لە پرۆسەی خەباتی چینایەتیدا , کۆمۆنیستەکان وەکو ڕابەری بزووتنەوەی چەوساوەکان , دەبن بە باڵێکی تازەی چەوسێنەران . دەست پێکردن لە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤەوە بۆ ناسینی مرۆڤ خۆی , هەمیشە کوێلە بوونی مرۆڤی بۆ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە لێدەبێتەوە . لە گرنگترین دۆزینەوەی مارکس دا کە زێدەبایە و نەمانی دەبەستێتەوە بە هەڵپێچانی کاری کرێگرتەوە , ناتوانێت واوەتر بڕوات و بیبەستێتەوە بە نەمانی تاکی تایبەتەوە . یاسای هەڵپێچانی کاری کرێگرتە لە نەمانی تاکی تایبەتدایە . یاسای هەڵپێچانی دەوڵەت و چەوساندنەوەی چینایەتی و هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی دیکە , لە نەمانی تاکی تایبەتدایە . شۆڕشگێڕیەتی لێرەوە دەست پێدەکات , لە خەبات کردنەوە بۆ نەمانی تاکی تایبەت . زێدەبا , پەیوەست نییە بە هەبوونی چینی چەوسێنەرەوە ,, پەیوەستە بە هەبوونی بەرەی تاکی تایبەتەوە . هەموو تویژینەوەکانی مارکس بە ڕێڕەوێکی عەقلگەراییدا دەڕوات . عەقلگەراییەکەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت , کە کار دەکات بە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی . لە ڕاستیدا , پێناسەی مرۆڤ و کۆمەڵایەتی بوون و پرۆسە مێژووییەکەی , لە کار و ئەنجامی کار و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە دەست پێناکات , بەڵکو هەر هەموویان پێکەوە لە خودی مرۆڤ خۆیەوە وەکو یەکێک لە دیاردەکانی سروشت , دەست پێدەکات . ئەو میکانیزمانەی کە مرۆڤ هەڵدەسووڕێنێت , لە ناوەوەی مرۆڤ خۆیدایەتی , نەک لە دەرەوەی . مرۆڤ وەکو جەستەیەک کە هەڵدەسووڕێت , لە ئامرازی بەشە بوونیە ناوەکییەکانی " عەقڵ و بیر و خەیاڵ و خواستەکان و هەستەکان و ...هتد " زیاتر , شتێکی دیکە نییە . بەڵام بەشە بوونیە ناوەکییەکانی مرۆڤ , هەموو جۆرە هەڵسووڕانێکیان , لە پێناوی جەستەی مرۆڤ خۆیدایەتی . واتە ئەمانیش " بەشە بوونیە ناوەکییەکان " دەبنەوە بە ئامراز بۆ خزمەت کردنەوە بە جەستە . پەیوەندییەکانی ئەم بەشە بوونیە ناوەکییانە لەگەڵ بەشە بوونیە فیزیکییەکاندا " جەستە " , پەیوەندی دوو جیهانی سەربەخۆ نین لەگەڵ یەکتریدا , بەڵکو پەیوەندی دوو جیهانی سەربەخۆن لە ناو یەکتریدا . لە سەربەخۆیی بوونیانەوە , ئاوێتە بوونیان بە یەکتری دیاری ناکرێت ,, لە ئاوێتە بوونیانەوە بە یەکتری , سەربەخۆیی بوونیان دیاری دەکرێت . بەشە بوونیە ناوەکییەکان و بەشە بوونیە فیزیکییەکان " جەستە " هیچ یەکێکیان سەربەخۆ نین لە لە هەڵسووڕان و پەیوەندی بەستنیاندا بە بەشە بوونیە دەرەکییەکانەوە . بەشە بوونیە ناوەکییەکان و بەشە بوونیە فیزیکییەکان ( جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و خودی جەستەی مرۆڤ خۆی ) پێکەوە , وەک هەموانییەک " کولیەتێک " , دەچنە

پەیوەندییەوە لەگەڵ بەشە بوونیە دەرەکییەکاندا ( هەموو شتێک لە دەرەوەی مرۆڤ ) . مرۆڤ هەم وەک جەستە و هەم وەک جیهانی ناوەوە , کە دەچێتە پرۆسەی پەیوەندی گرتنەوە بە جیهانی دەرەوە ی خۆیەوە , هەمیشە بە تەوەرە بەستن بە دەوری خۆویستنەکەیدا , ئەم پرۆسەیە تێدەپەڕێنێت . یەکێک لە ئەرکەکانی عەقڵ , پارێزگاری کردن و ڕازاندنەوە و گرنگی پێبەخشینی هەرچی زیاتری ئەم خۆویستنەیە . یەکێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگا ئەوەیە , شەرعیەت دراوە بە تاڵان کردنی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی هەموانی , لە لایەن بەرەی تاکی تایبەتەوە . نەک هەر ئەوەندە , بەڵکو شەرعیەت دراوە بە تاڵان کردنی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەتیش , لە لایەن یەکترییەوە . لە ناو خودی بەرەی تاکی هەموانیشدا هەمیشە و بەبێ وەستان , تاڵان کردنی خۆویستنەکانی یەکتری بەردەوامە . ئەڵبەتە لە هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگادا , ئەم ململانێیە لە سەر تاڵان کردنی خۆویستنەکان , بەرئەنجامێکی سروشتی هەبوونی ئەو سێ سیستمەیە " دەسەڵاتداریەتی و عەقڵیالاری و نوێنەرایەتی " . هەڵسانی عەقڵ بە ڕێکخستنی خۆویستنەکان لە ناو کۆمەڵگادا , لە سەر بناغەی بە فەرمی ناسینی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەتەوەیە . ڕێکخستنی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەتیش , هەمیشە لەسەر بناغەی دابەش بوونیەوە بە سەر زنجیرەیەک لە مەراتیبدا بە ئەنجام گەیشتووە . عەقڵی هەموو مرۆڤێکی کۆمەڵگا لە دووتوێی خزمەت کردن بە خۆویستنەکانی خاوەنەکەیەوە , دەچێتە پرۆسەی ڕێکخستنی خۆویستنەکانەوە . گرفتەکە لەویادایە , کە بارودۆخی کۆمەڵگا , تەنیا بۆ خزمەت کردن بە خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەت , لە بارە . عەقڵی هەر مرۆڤێک , ئارەزوومەندانە , لە ڕێکخستنی خۆویستنەکاندا و بۆ بالاَ پێکردنی خۆویستنەکەی خۆی , ئەم ئاراستەیە وەربگرێت " واتە ئاراستەی خزمەت کردن بە خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەت " , لە لایەکەوە لە بەرەی تاکی تایبەتدا ڕیز دەبەستێت و لە لایەکی تریشەوە دەتوانێت وەڵامێکی پۆزەتیڤانە بە پێی جێگاوڕێگا کۆمەڵایەتییەکەی , وەربگرێتەوە . خۆویستنەکانی تاکە هەموانییەکان " واتە خۆویستنەکانی هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە بەرەی تاکی تایبەتدا نین " , لە دووتوێی کەموزۆریی خزمەت کردنیانەوە بە خۆویستنەکانی تاکە تایبەتەکان , ڕیزبەندیی خۆیان وەرگرتووە . لە مەیدانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا , چوونە پێشەوەی خۆویستنی تاکی هەموانی , پەیوەستە بە ڕادەی پاشکۆ بوونیەوە بۆ خۆویستنی تاکی تایبەت . خۆویستنی تاکی تایبەت هەمیشە مشەخۆرە لەسەر خۆویستنی تاکی هەموانی . خۆویستنی مرۆڤ ئەو کۆدەیە , کە تا نەکرێتەوە , مێژووی مرۆڤایەتی ڕۆشن نابێتەوە . کلیلی تێگەیشتن لە مێژوو , خۆویستنە . چین و توێژ و دەوڵەت و کۆمەڵگا , بەرهەمی خۆویستنن . ڕۆشنبیری بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە , بەرهەمی خۆویستنە . داهێنانەکان , پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان , ململانێکان , هەر هەموویان بەرهەمی خۆویستنن . گرفتی کۆمەڵگاکان , گرفتی بەرگرتنی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەتە بە خۆویستنەکانی بەرەی تاکی هەموانی . چارەسەر بۆ گرفتەکان , ئاوەڵا کردنی دەرگاکانە بە ڕووی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی هەموانیدا . بۆ ئاوەڵا بوونی ئەو دەرگایانە , ژێرەوژوور کردنی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەت , پێداویستییەکی چارهەڵنەگرە . ژێرەوژوور کردنی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەت , بە مانای قەڵاچۆ کردنی مرۆڤەکانی بەرەی تاکی تایبەت نییە , بەڵکو بە مانای یەکسانی کردنەوەی خۆویستنەکانی بەرەی تاکی تایبەتە بە خۆویستنەکانی بەرەی تاکی هەموانی . یەکسانی کردنەوە , بە مانای گەڕاندنەوەی تاڵانییەکان دێت . تا ئەو تاڵانییانەی کە لە خۆویستنەکانی بەرەی تاکی هەموانی یەوە کراوە لە لایەن

بەرەی تاکی تایبەتەوە , نەگەڕێنەوە , پرۆسەی یەکسانی بوونەوە بە ئەنجام ناگات " ئەڵبەت کەڵەکە بوونی مێژووییانەی تالآنییەکانی بەرەی تاکی هەموانی , هەمیشە و لە هەموو کاتێکی دیاریکراودا, لای بەرەی تاکی تایبەتە " . خەباتە مرۆییەکان و شۆڕشەکان , تەنیا لە ڕوانگەی یەکسانی بوونەوەی خۆویستنەکانەوە , مانا پەیدا دەکەن . پلەکانی مرۆیی بوونی خەبات , پلەکانی دژایەتی کردنیەتی بە بەرەی تاکی تایبەت . بەو ڕادەیەی خەبات , دژی بەرەی تاکی تایبەتە , بەو ڕادەیە مرۆییە . خەباتی چەوساوە بە دژی چەوسێنەر , تا نەبێت بە خەباتی بەرەی تاکی هەموانی بە دژی بەرەی تاکی تایبەت , ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی ناگرێتە خۆی . پێوەر بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی , شۆڕشی چینی چەوساوە نییە بە دژی چینی چەوسێنەر , بەڵکو شۆڕشی بەرەی تاکی هەموانی یە بە دژی بەرەی تاکی تایبەت . چەمکی شۆڕش بە مانای زەبروزەنگ نییە , بەڵکو بە مانای هێنانی ئالوگۆڕی بنچینەییە بەسەر پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکاندا . ئالوگۆڕی بنچینەیی ڕێک پەیوەستە بە چوونە پێشەوەی ململانێی بەرەی تاکی هەموانی یەوە بە ڕووی بەرەی تاکی تایبەتدا . بەو ڕادەیەی بەرەی تاکی تایبەت پاشەکشە دەکات , بەو ڕادەیە هاتنی ئالوگۆڕی بنچینەیی لە گۆڕێدایە " لە ئارادایە " .

**ماوەیەتی**